## کۆنگریسمانی ئەمریکی "Robert Andrews"
## پشتگیریی خۆی لە کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەمریکا – کوردستان ڕاگەیاند



ڕۆژی دووشەممە 2007/7/2، ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا، "Robert Andrews"، لە ویلایەتی "نیوجێرسی" پشتیوانیی خۆی لە "کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەمریکا – کوردستان" ڕاگەیاند.

ئەو ئەندامەی کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دڵخۆشی خۆی بە دامەزرانی کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەمریکا – کوردستان دەربڕی و بڕیاری دا بەشێوەیەکی ئەکتیڤ، لەپێناو ئامانجەکانی دا تێبکۆشێ.

"Robert Andrews" لە زۆر لە کاروبارەکانی کۆنگرێسی ئەمریکادا دەوری چالاکی هەیە. بەڕێز Robert Andrews سەرۆکی لیژنەی کاروباری لەشساخی، دامەزراندن و کار و هاریکاریی پانسیۆنەکان، ئەندامی لیژنی خوێندنی باڵا و خوێندنی تا کۆتایی تەمەن، ئەندامی لیژنەی خزمەتگوزاری چەکداری و لیژنەی دژە تێرۆر و هەڕەشە ناباوەکانە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا.

شایانی باسە، کە ڕۆژی 2007-6-24 لە واشنتۆن کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەمریکا – کوردستان لە لایان دەستەی دامەزرێنەرییەوە پێکهێنانی خۆی ڕاگەیاند.

دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە، لە 3 کەسایەتی سیاسیی کورد بە ناوەکانی: شێرکۆ عەباس سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، حسین یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان و د. جوان حەقی ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و ژمارەیەک کەسایەتی ئەمریکی وەک: چارلس کاهن، خانمی ماورین لینچ، فستر فریس، بریان پریون، جوسیا ج. پوودر کانسل، جۆزێف پوودر، د. جوان سوینیک، لانس سیلڤێر و د. جەک وێلێر پێکهاتووە کە لە کۆمەڵگای ئەمریکی دا لە بوارەکانی سیاسەت و ئابوری و بەرگری و ڕاگەیاندن دا دیار و ناسراون.

کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەمریکا – کوردستان، لە داهاتوودا، کۆنفرانسێک لە واشنتۆن پێکدێنێ.

کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەمریکا – کوردستان (AFKL)
واشنتۆن
2007-7-8